# به ر نامه ی به ر نامه ،به به رنامه ئیهانه ی مرۆڤی کورد ده کات

ئه رده لان عه بدوللا

به رنامه ی کۆمیدی به شێکی گرنگی پرۆگرامی زووربه ی ته له فزیۆنه کانی دوونیایه . هه موو که ناڵێك پێویسته به رنامه ی کۆمیدی هه بێت . چونکه کۆمیدیا رۆڵێکی گرنگ له ژیانی ئه مرۆماندا ده بینێت . بۆ له بیرچوونه وه ی ئه و ناخۆشی وئاڵۆزیانه ی ژیانی ئه مرۆ،مرۆڤ پێویستی به کۆمیدیا هه یه ، تا که مێك ئه و باره ئاڵۆزیه ی که تێیدا ده ژی لێی ده رچێته ده ره وه .
جێی داخه ئێمه ی کورد،هه روه ك چۆن له هه موو بواره کانی ژیاندادواکه وتووین، له م بواره شدا به هه مان شێوه دواکه وتووین .کۆمیدیا وه کوو هه موو به شه کانی هونه ر پێویستی به زانستی ئه کادیمی هه یه.پێویسته ئه وکه سانه ی خه ریکی ئه م کاره ده بن ،له رووی ئه کادیمیشه وه ، شاره زایی باشیان هه بێت . راسته به هه رمه ندی تایبه تی رۆلی هه یه ، لێ هونه رمه ند پێویستی به خوێندنی ئه کادیمیش هه یه، تا له م بواره دا سه رکه وتن به ده ستبهێنێت.
له کوردستان کۆمه ڵێك که سمان هه بوو خه ریکی ئه م کاره بوون ، تا راده یه کی باش له ناو جه ماوه ردا جێگای خۆیان کرده وه ، له وانه ( ره فیق چالاك ،مه کی عه بدوللا ، ئه حمه د سالار) . سه رده مانێکیش تیپی پێشره وی کوردی هه وڵی دا کۆمه ڵێك کاری کۆمیدی ئه نجام بدات ، به تایبه ت کاره کانی مامۆستا (سمکۆناکام) . لێ مه خابن ئه و که سانه ی کاره کانیان ئه نجام ده دا ، خاوه نی ئه زموون و شاره زایی ته واو نه بوون . ( مسته فا ئه حمه د( وه ستا عه لی شۆره تیه تی) ، که مال سابیر، سه لاح بالا به رز ،عومه ری که ریم ئاغا،،،هتد) .
مسته فا له زووربه ی کاره کاندا ، زۆر بازاڕیانه قسه ده کات . زۆرجار قسه ی واسووك و سه فیلی کردووه ، ته نانه ت له بازاڕیشدا خه ڵکی ئاسایی ئه وقسانه ناکه ن. به تایبه ت له ته مسیلی (خوله چه خماخه) سه دجار ده ڵێت ( که ر پیاو،بێ قیمه ت، هیچ وپووج، ئاخر هه ر چه تره که!، خوێری ،،هتد ) .ئه م قسانه هیچ کات نابێت له سه ر ته خته ی شانۆ بکرێت .
له پاش راپه رین له ته له فزیۆنی یه کێتی ، تیپێکیان دروستکردوو به رنامه ی (که شکۆڵیان) ده رده کرد .که ئه ویش به هه مان ئاست نزمیه وه پێشکه ش ده کرا.
له که ناڵی کوردساتیش،به رنامه ی به رنامه پێشکه ش ده که ن.ئه م به رنامه یه که کۆنه برینپێچێك (له شاخ بوو به دکتۆر شێرکۆ عه بدوللا)ده ینووسێت.زۆر که س له شار نه خوێنده واربوون،که ده چوونه شاخ ده بوون به (دکتۆر وحاکم وپارێزه رو، ئه دیب) . ئه م براده ره شمان له و به زمانه یه .

به رنامه ی به رنامه ، که له کۆمه ڵێك دیمه نی قێزه وون پێك دێت ( دوکانه که ی به کر ، مه کته به که ی میسته ر،شێتخانه ی مه رکه زی،سجن،ته له فزیۆنه که ).
له مه کته به که ی میسته ردا، که به هه موو شێوه یه ك ئیهانه ی ئینسانی کورد ده کرێت . له م دیمه نه دا ، کابرایه کی ئینگلیزیان( مسته فا) بۆ داناووین . دارێکی به ده سته وه یه ،ئێمه ی کوردی بێ ده ماغ و که ر،فێری ژیانمان ده کات . جه لالیه کان زۆرکه یڤیان به نۆکه رایه تی ئینگلیزدێت و، به شانازیه وه ڕازین گه ر ئینگلیز به نۆکه ری خۆیانیانی دابنێت. ئه م میسته ره (مسته فا) جنێووی وا ناشرین به و ته له بانه ی ده دات، که هیچ چه وره یه کی ناو مه زادخانه که ش ئه وجنێووانه به که س نالێت. هه ر چه نده ئه م به رنامه یه بۆ ئیهانه کردنی کورد دانراوه ، به لاَم له هه مانکاتیشدا ئیهانه یه کی گه وره یه بۆ ئینگلیزه کان ئاخر ئینگلیز له جیهاندا،به میله تێکی به ئه ده ب و دبلۆماسی ناسراوون .نازانم ئه م میسته ره ی ئێمه بۆ ئه وه نده بێ ئه ده ب و ده م پیسه!!.جگه له وه ی له م به رنامه یه دا ئیهانه به هه ولێری( له رێگای گاڵته کردن به زاهیر) و بادینی و هه ورامی ده کرێت.له هه مانکاتدا ئه م مه کته ،گه وره ترین ئیهانه یه بۆ هه موو سیسته می خوێندن وپه روه رده ی کوردی . ئاخر که ی مامۆستایانی کورد هێنده بێ ئه ده ب و ده م پیس بوون ؟ که ی خوێندکارانی کورد هێنده خوێری بوون ؟ .
له دیمه نی سجنه که دا ، گه وره ترین ئیهانه (له رێگای مه بده ئه وه )به رامبه ر به که سی خاوه ن هه ڵوێست و ئایدۆلۆجیا ده کرێت. مسته فا چونکه بۆ خۆی کۆنه به عسیه !ده یه وێت لاوی کورد فێری بێ هه ڵوێستی و بێ مه بده ئی بکات.
له دیمه نی چه له خانێ و ته له فزیۆنه که دا، به ئاشکرا چه ندین جار هێرش ده کرێته ،سه ر ئه و که سانه ی که له هه نده ران ده ژین( به قاپ شۆر وئایدزیان ناوده به ن) ، هه روه ها ئیهانه ی ئه و که سانه ده که ن ،که خه بات بۆ ماڤی ژن و ئازادی سیاسی ده که ن.
له کۆتایدا ده ڵێم ،پارتێك که به فیشه ك وه لاَمی داخوازی گه ل بداته وه ، هه ر ده بێت کۆنه به عسیه کان ته له فزیۆنی بۆبه رێوه به رن. ئاخر ئه وه میتۆدی به عسیه کانه ،ته قه له خه ڵکی سیڤیل بکه یت . دیماگۆژیه ت باشترین میتۆدی بێت. من هیوادارم له گه لی کوردستان چیتر رازی نه بن به م ئیهانانه ی که به رنامه ی به رنامه پێیان ده کات . داواکارم له خاوه ن قه ڵه مه ئازاده کان، ده نگی ناره زایی زیاتر له دژی ئه م بانده ی کوردسات و به رزبکه نه وه و ،له هه مانکاتدا ئه وکه سانه ش که ئه م کارانه ده که ن ریسواتر بکرێن .